

**سەلام ناوخۆش:**

**لەبەر ئەوەی گەلێکی چەوساوەین، زمانی خۆمان خۆش دەوێ..**

**مێژووش وامان لێ دەکات پرسیار بە زیندوویی بهێڵینەوە**

**هەڤپەیڤینی: رامان**

سەلام ناوخۆش ساڵی (١٩٦٦) لە گوندی زێبارۆکی سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوە لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە. ئێستا لە زمانی ئینگلیزی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە نووسینی هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاودەکاتەوە و بیست و پێنج کتێبی چاپکراوی لە ناو کتێبخانەی کوردیدا هەیە.

کتێبەکانی بەسەر پێنج تەوەر دابەش دەبن (زمانەوانی، فەرهەنگ، وەرگێڕان، مێژوو، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە).

سەرەڕای ئەوەی وەک وانەبێژ لە زانکۆدا دەرس دەڵێتەوە، لە ناو ئەو بوارانەی کاری نووسینی تێدا بەجێ دەهێنێت نووسەرێکی کارا و چالاک و هاوسەنگە. دەربارەی پێشهاتە چارەنووسسازەکانیش بە بێ سڵکردنەوە بیروڕای خۆی دەنووسێت. بەرهەمەکانیشی جێگای بڕوای خوێنەرانن و بە بیر و زمانێکی پاک و ڕەوانی کوردی دەیانگەیەنێت. دەربڕینەکانی پاراوە و بەردەوام لە گەشە پێدانی دایە.

**مێژوو زانستە و هەموو بنەماکانی زانستی تێدایە، پێوەندیشی بە هەموو دیاردەکانی ژیانەوە هەیە**

**ڕامان:** مـێـژوو چییـە. هربارت دەڵێت: مـێـژوو بریتـیـیـە لە ڕووناککردنەوەی ئێستا بە ڕووناکی ڕابردوو. لەلایەکی تر لە ڕوانگەی مۆسۆلینی مێژوو چەمکی هەموو شوێنەکانی ژیانە و شیانی ئەوەی هەیە داهاتووش دیار بکات، ئەمانە چۆن دەبینیت؟

**سەلام ناوخۆش:** پێش هەموو شتێ مێژوو زانستە و هەموو بنەماکانی زانستی تێدایە، ئەم زانستە هەر تەنیا لەڕووداوەکان و تۆمارکردنیان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو زانستێکی فرە ڕەهەندە و پێوەندی بە مرۆڤناسی و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفە و ئایینەوەش هەیە. ئی. ئیبج. کار دەنووسێ «یەکەم وەڵامم بۆ پرسیاری مێژوو چییە، ئەوەیە کە مێژوو پرۆسێسێکی بەردەوامی نێوان مێژوونووس و ڕاستییەکان و دایەلۆگێکی بێ کۆتایی نێوان ئێستا و ڕابردووە».

لایەکی تری پرسیارەکە بەرەو ئەوەمان دەبات لە ڕاڤە و هزری مێژوو بکۆڵینەوە. مێژوو وامان لێدەکات پرسیار هەر بە زیندوویی بهێڵینەوە نەک بیکوژین. پرسیارکردن لە نەگۆڕەکان وەک خودا، سروشت، مرۆڤ بە ئاقاری هزرماندا دەبات و ناچار دەبین باوەڕ بەوە بکەین کە ڕاڤەی مێژوو کۆمەڵە هزرێکە مێژوو دەجوولێنێ. لەمەدا بواری ئەوە دەڕەخسێ کە (کۆتایی مێژوو)ییەکەی فۆکۆیاماش لە ئاست هزر، پێکۆڵ و جوولانی هزری مرۆڤ و دروستکردنی ڕووداودا هەروەک سۆشیالیزمەکەی شیوعیەت هەرەس بێنێت.

ئەم بەردەوامییەی مێژوو، خۆی هەر لە چەمکی مێژوودا دەبینێ، چونکە خۆی بریتییە لە گەڕان و توێژینەوە لە ڕاستییەکان و ڕووداوەکان و تۆمارکردنیان، هەروەها ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان. لە تەفسیرکردنی مێژوودا، ئاراستەی توێژینەوەکەمان بەرەو فەلسەفەی مێژوو دەچێت. لەو نێوەندەشدا چەندان ڕێباز و قوتابخانە دروست بوونە. هەریەکەی بە جۆرێ لێکدانەوەی مێژوو دەکات. مێژوونووس هەیە لێکدانەوەیەکی دینی بۆ مێژوو دەکات. هەیە لێکدانەوەیەکی ڕەگەزپەرستی بۆ مێژوو دەکات..تاد.

**ڕامان:** شاعیرێکی کورد دەڵێت: «مێژوو پێخوستی درۆیانە»، ئایا بەلای ئێوەوە مێژوو هەر مێژووی پادشاکان و بنەماڵەکانە، یان خەڵکی ڕەشۆکی و میللەتیش بەشێک لەو مێژووەیان هەیە؟

**سەلام ناوخۆش:** جاران نەک هەر مێژوو، بەڵکو ئەدەبیش بریتی بوو لە پەسنی بتە خوداوەندەکان، پادشا و بنەماڵەکان. کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان هەر کەسە خانەدانەکانی میللەت بوون. ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و ئینگلیزی تژین لەم دیاردەیە ئەوەندەی لە مێژووی دروستکردنی ئەهرامەکان و شارستانیەتی میسری کۆندا باسی فیرعەونەکان دەکرێ، نیوە ئەوەندە باس لەو گەلانە ناکرێ کە ئەو ئەهرامانەیان دروست کردووە.

پادشا و خانەدانەکان مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن، ئەگەرنا مێژوو هەر مێژووی هەژارەکانە بەرلەوەی مێژووی ئاغا و میر و پادشاکان بێت. لەنێو کوردانیش هەر لە کتێبی شەرەفخانەوە بگرە، مێژوو هەر مێژووی بنەماڵە و میرەکان بووە. لە هەموو میرنشینەکانی کورد، جگە لەڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، میری سۆران، میری بابان، میری بادینان، میری ئەردەلان. باسی شتێکی پەیوەست بەمیللەتەوە نەکراوە. ئەوانە خۆیان بزوێنەری مێژوون، کەچی دروستکردنی مێژووەکە هەر بۆ بنەماڵە و ماڵباتەکان دەگەڕێتەوە. کەچی لەمێژووی نوێدا، جەختەکە ئەوەندە لەسەر میرو پادشاکان نییە، بەڵکو کارەکتەرەکانی مێژوو لێرە و لەوێ دەردەکەون. دیاردەی ئامادەیی پلورالیزمی سیاسی و هزری سیاسی و ژیانی دامەزراوەیی ڕۆڵی گرنگیان لە دروست کردنی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی مێژوو بینیوە، میر و پادشا- میللەت، دەوڵەمەند و گەدا و هەژار.

**ڕامان:** کە پسپۆڕییەکەت لە زمانە، چۆنە لە بواری مێژوو دەنووسی. ئەمە دوورکەوتنەوە نییە لە پسپۆڕی خۆت؟

**سەلام ناوخۆش:** سەربوردەی پەیوەست بوونم بە مێژووی کوردەوە زۆر پێش خەریک بوونمە بەزمانەوە. هەر لە هەشتاکانەوە مژۆڵی خوێندنەوەی مێژوو بووم. لە قۆناغی ئامادەیی بووم زۆربەی هەرە زۆری کتێبە مێژووییەکانی کورد و کوردستانم خوێندبووەوە، بە ماوەیەکی زۆر کورت (شەرەفنامە) و (خولاسەیەکی کورد و کوردستان)م خوێندەوە. لە خوێندنەوەی کتێبەکەی

(عەبدولڕەحمان قاسملو) زۆر ماندوو بووم. هێندە خەریکی مێژووی کورد بووم، ناسیونالیستێکی عەیار (٢٤)م لێدەرچوو بوو. ئەوسا لاو و ڕۆشنبیرانی کورد مژۆلی مارکسیەت بوون.

هەرکە خۆم شارەزاییەکی باشم لەمێژووی کورد و کوردستان پەیداکرد، دەستم بە خوێندنەوەی مارکسیەت کرد. زۆربەی کتێبە گرنگەکانی مارکسییەتم خوێندەوە وەک «اصول الفلسفة الماركسية، أسس الفلسفة الماركسية، مەتریالیزمی دیالێکتیکی، الماركسية و الفوضوية...تاد.

مامۆستایەکی بەڕێز کە وەرگێڕ و نووسەرێکی ناوداری کوردستان و شارەکەمانە، هەم هاوڕێ و هەم هاوسێمان بوو. ئەو ئامۆژگاری کردم بچمە بەشی ئینگلیزی، چوونم بۆ بەشی ئینگلیزی تەنیا بۆ سوود وەرگرتن بوو لەو سەرچاوە مێژووییانەی بە ئینگلیزی نووسراون. لەسەردەمی خوێندنی بەکالۆریوس (١٩٨٥-١٩٩٠) نەمتوانی نە هیچ کتێبێک لەسەر مێژوو بنووسم نە وەریشی بگێڕم، بۆیە بەناچاری ڕووم کردە وەرگێڕانی هەر نووسینێک دەربارەی ڕەخنە و ڕۆمان و شیعر بووبێ. خوێندنی زمانی ئینگلیزی نەک هەر ساردی نەکردمەوە لەمێژوو، بەڵکو بووە پاڵپشتم بۆ ئەوەی لە ئینگلیزییەوە هەندێ وتار و کتێب وەربگێڕم.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، من هەرگیز لە پسپۆری خۆم دوور نەکەوتوومەتەوە. لەلایەک زیاتر لە دە کتێبم لە سەر پسپۆری خۆم نووسیوە. لەلایەکی تریش توانیومە دە توێژینەوەی زانستی بەزمانی ئینگلیزی لەگۆڤارە زانکۆییەکانی زانکۆکانی بەغدا، هەولێر، دهۆک، سلێمانی بڵاوبکەمەوە و لەچوار کۆنفرانسی زانستی بەتوێژینەوەی ئەکادیمی بەشداربیم. هەر بە ماستەرەکەم توانیم ببمە پرۆفیسۆری یاریدەدەر، کەچی هەیە دەیان ساڵە ماستەری هەیە تەنیا مامۆستای یاریدەدەرە، یان دەیان ساڵە دکتۆرای هەیە، هێشتا تەنیا «مامۆستا»یە.

**ڕامان:** چۆن مێژوونووس دروست دەبێت، ئایا هەر لە زانکۆ مێژوونووس دروست دەبێت، یان دەکرێ لە دەرەوەی زانکۆش لەرێگای ئەزموونەوە بەبێ هەبوونی هیچ بڕوانامەیەکی زانکۆیی مێژوونووس دروست ببێت؟

**سەلام ناوخۆش:** زۆربەی مێژوونووسانی کورد کە کتێبەکانیان سەرچاوەی سەرەکین لە لێتۆژینەوەی نوێدا، مێژوویان لەزانکۆ نەخوێندووە: شەرەفخانی بەدلیسی، محەمەد ئەمین زەکی، ئەحمەد خواجە، ڕەفیق حیلمی، جەمال نەبەز، هەروەها زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان دەرچووی بەشی مێژوو نین.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە بەشی مێژوو، مێژوونووس دروست نابێت، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە، ئەوەی دەرچووی مێژوو بێت، یان ماستەر و دکتۆرای لە بەشی مێژوودا هەبێ مێژوونووس نییە. ئەوانە هەروەک ئەوەی لەبەشی کیمیا دەردەچێ، دەبێتە مامۆستای کیمیا. ئەوانیش زۆربەیان تەنیا مامۆستای وانەی مێژوون نەک مێژوونووس. ئەگەر وانەبێ لەناو کوردان چەند (د. کەمال مەزهەر) هەیە؟

**ڕامان:** یاداشت نووسین بووەتە دیاردەیەکی باو، زۆربەی ئەو یاداشتانەش هەر خۆیان، یان ئەوانەی دەوروبەریان ژێدەری زانیاریەکانن نەک سەرچاوەی مێژوویی، دەکرێ ئەوانە بە ژێدەرێک لە ژێدەرەکان دابنرێن؟

**سەلام ناوخۆش:** یاداشتەکەی (ڕەفیق حیلمی) و چیم دی (ئەحمەد خواجە) دوو سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراون. ئەو دوو کەسە زۆر لە دەسەڵاتی (شێخ مەحموود) نزیک بوونە، هەروەها دوو کەسایەتی ڕۆشنبیری سەردەمی شێخ مەحموود بوونە، هەروەها لە نووسینەوەی مێژووی سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموود بەویژدان بوونە لەرێگای یاداشتی کەسانی وانزیک لەدەسەڵات، یان ئەوکەسانەی بەشێک بوونە لە دەسەڵات زۆر نهێنی مێژوویی، پرسی سیاسی و کەسی ئاشکرا دەکرێن، بەڵام لێرەدا یەک شت زۆر گرنگە و کە لە فەرموودەناسی بە (علم الرجال) ناسراوە. خەسڵەت و ئەدگارەکانی ئەوکەسانە زۆر گرنگە بە ڕاستی کەسی ڕاستگۆ بوونە؟ ئەو زانیارییانەی لەیاداشتەکانیاندا بڵاودەکرێنەوە چەندی لە ڕاستییەوە نزیکن؟

جا هەر توێژەرێک کە بیەوێ لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بکۆڵێتەوە ناچارە هەردوو یاداشتەکەی (ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە) بخوێنێتەوە، هەروەها بیرەوەرییەکانی مامۆستا (محەمەد ڕەسووڵ هاوار) و کتێبە گرنگەکەی بەناوی «شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان»، هەروەها ئەوەی بیەوێ لەشۆڕشەکانی بارزان بکۆڵێتەوە ناچارە کتێبە سێ بەرگییەکەی کاک (مەسعوود بارزانی) بخوێنێتەوە،

چونکە ئەو کتێبەش بەشێکی زۆری لەسەر یاداشت بیناکراوە.

بەکورتی کتێبی یاداشتئامێز سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوەی مێژوویی. بەمەرجێک ئەوەی یاداشتەکە دەنووسێ مەبەستی پاک بێت، نەک وەک لایەنگرێک لە کێشەکانی سەردەمەکەی مێژووەکە بنووسێتەوە. لەمەدا هەندێ جار شێواندن دروست دەبێ، ئەمەش زەرەرێکی مەعریفی لەتۆماری مێژوو تۆمار دەکات. ساغ کردنەوەی ئەمانە توێژینەوەی تری دەوێت تا لە ئاکامدا وای لێدێ خوێنەر هەر لەبازنەیەکی بۆشدا بسووڕێتەوە.

**ڕامان:** چۆن لەشێواندنی مێژوو تێدەگەی، ئایا ئەوەی لە ڕوانگەی یەکێکەوە «شێواندن» بێت لەڕوانگەی یەکێکی تر «ڕاستکردنەوەی مێژوو» نییە؟

**سەلام ناوخۆش:** لە مێژوودا شێواندنی مێژوو، شێواندنی ڕاستییەکان ئامادەیی هەیە. ئەمە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە ڕای جیاوازی دوو توێژەرەوە. هەرسێ گەلی دەوروبەرمان بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتدارن و دەتوانن شت بسەپێنن. چ بەسەر نەوەکانی ئێمە و چ بەسەر نەوەکانی خۆیانەوە، لەو ڕێگایەوە مێژوویەک تژی لەشێواندن دروست دەکەن. ئەگەر تەنیا باسی گەلانی کۆنی کوردستان بکەین ئینجا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو گەلانە لەدژی ئێمە خەریکی چین. ئەمانە زیاتر لەسەردەمی بەناسیۆنالیزم و (عوسمانی بوونی) دەسەڵاتی ئەوگەلانەوە دەرکەوتووە. هەر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بە گوێرەی هەموو دامودەزگاکانی عوسمانییەوە کەرکووک شارێکی کوردییە، کەچی هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی کەمالییەت، شەریف فراتی مێژوونووسی تورک بەقسەی (مستەفا کەمال) جارێکی تر مێژووی تورکی نووسییەوە و کوردی بە تورکی چیا دانا. هەر لەسەر ئەو بنەمایە جەمال گۆرسیل لەبەرانبەر کورد هاواری دەکرد لە تورکیا بێجگە لەتورک هیچ نەتەوەیەکی تر نییە.

قەومیە شۆڤینییەکانی عەرەبیش لەتەمەنی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عیراقدا، چەندان نەوەیان لەسەر بنەمای شێواندنی مێژوو تەلقین داوە. ئەوەتا لە ناو هەموو عەرەبی عیراقدا بە ئیسلامی و مارکسی و قەومییەوە دە کەس نادۆزینەوە باوەڕی بە کوردی بوونی کەرکووک هەبێ. خەڵکە ڕەشۆکییەکەی عەرەبیش هەروا گۆش کراون نەک کەرکووک، بەڵکو هەموو هەرێم تەنیا (شیمالی عیراقە).

لەسەر ئەم شەنگست و بنەمایانە توێژەر دەبێ هەردەم لە پێکۆڵی خۆی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بۆ خوێنەرانی ئاشکرا بکات کە چ شێواندنە. چ ڕاستکردنەوەیە. خۆم لەکتێبێکی چوار بەرگیدا بەناوی (بەرەو ڕاستکردنەوەی مێژووی سیاسیمان) هەوڵێکی تاکەکەسیم داوە نەک هەر وەڵامی داگیرکاران بدەمەوە، بەڵکو وەڵامی ئەو نووسەرانەش بدەمەوە (بە مەبەست) و (بێ مەبەست) بەشێک: لەمێژووی سیاسیمان دەشێوێنن. چ لە مەسەلەی بە (ئیسلام بوونی کورد) و چ لە مەسەلەی (جینۆسایدی ئەرمەن و دەوری کورد)، هەروەها لە بە «مارکسی کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد)یشدا.

**لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا گرووپی (ئیتحاد و تەرەقی) نەک شەڕی ئەرمەنەکان، بگرە شەڕی هەموو ئەو نەتەوانەی کردووە کە تورک نەبوون**

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێی ئەرمەن دووچاری جینۆساید نەبووە، سوارەی حەمیدیش بەشداری لەو کۆمەڵکوژییەدا نەکردووە؟

**سەلام ناوخۆش:** شەڕی ئەرمەنەکان کراوە. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا گرووپی (ئیتحاد و تەرەقی) شەڕی هەموو ئەو نەتەوانەی کردووە کە تورک نەبوونە. ئەوەی جینۆسایدەکەی دەرهەق بە ئەرمەنەکان ئەنجام داوە، حکوومەتە ماسۆنییەکەی ئیتحاد و تەرەقی بوو، ئەو حکوومەتە ئەگەر وەک (د. کەمال مەزهەر) دەڵێ: جینۆسایدی ئەرمەنی کردووە، ئەوە جینۆسایدی کوردیشی کردووە. هەر چ نەبێ ئەرمەنەکان ڕووسیا داکۆکی لێدەکردن، بەڵام کەس داکۆکی لە کورد نەدەکرد. ئەرمەنەکانیش وەک ئیتحادییەکان کەوتوونەتە قڕانکردنی زۆر گوند و شارۆچکەی کوردی لەداگیرکردنی ڕەواندزدا، ئەرمەنەکان بەپاڵپشتی ڕووسەکان نزیکەی پێنج هەزار پیاو و ئافرەت و منداڵی کوردیان لەخەرەندی ڕەواندزدا بە زیندوویی فڕێداوەتە خوارەوە. لەلایەکی ترەوە ئەرمەنەکان هەروەک ئیتحادییەکان دەیانویست باکووری کوردستان بکەنە ئەرمەنستان (حاجی قادری کۆیی) هەرزوو هەستی بەو پیلانەی ئەرمەن و ڕووسیا کردووە، بۆیە لە شیعرێکدا دەڵێت:

**خاکی جزیره و بۆتان یانی وڵاتی کوردان**
**سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان**
**هیچ غیرەت نەماوە، سەد جار قەسەم بەقورئان**
**پەیدا بێ ئەرمەنستان نامێنێ یەک لە کوردان**

ئەمە لە بەندی شازدەی پەیمانی سان ستیڤانۆ و بەندی شەست و یەکی پەیمانی بەرلین و هەندێ بەندی پەیمانی سیڤەر مافی ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە، ئەرمەنەکان خۆشیان لەتۆماری خۆیاندا نووسیویانە کوردستان لەبنەڕەتدا ئەرمەنستانە.

سوارەی حەمیدیش هێزێکی میلیشیایی بووە، گوزارشتی لە دەسەڵاتی کوردی نەکردووە، بەڵکو دەسەڵاتی کوردی لەباشوور هێزێکی ڕەوانەی باکوور کردووە بۆ پاراستنی گیانی ئەرمەنییەکان.

**ڕامان:** لەپرسی زماندا، پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ: زمان چۆن پەیدا بووە، مرۆڤ خۆی فێری زمان بووە، یان خودا فێری زمانی کردووە؟

**سەلام ناوخۆش:** بەگوێرەی دەقی تەورات و قورئانی پیرۆز، خودا زمانی وەک دیارییەک بە مرۆڤ بەخشیوە. بە گوێرەی تیۆرەکانی چۆمسکیش بۆ زمان، مرۆڤ وا پرۆگرام کراوە کە توانستێکی مەعریفی هەیە ئەو توانستە مەعریفییە لە هەر مرۆڤێکی ساغڵەمدا هەیە دەربارەی زمانەکەی. ئەم توانستە مەعریفییە لەدیدی (دی سۆسێر) شتێکی ئەبستراکت بوو، توێژەر دەبێت لەڕێگای گوتەوە Parole لێی بکۆڵێتەوە. ئەم تێڕوانینە بۆ بنەچەی زمان پێی دەوترێ Divine sourle ژێدەری ئاسمانی.

لەدەرەوەی ئایینیش چەندان تیۆری تر هەن کە هەریەکەی بەجۆرێ لەپەیدابوونی زمان دەکۆڵێتەوە. تیۆر و گریمانە هەرە بەناوبانگەکان ئەمانەن:

١- ژێدەری دەنگی سروشتی. Bow- Wow theory: بەگوێرەی ئەم تیۆرە وشە بەراییەکانی مرۆڤ لەئاکامی لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت On-omatopoeic پەیدابوون. زمان هەر خۆی بریتییە لەلاساییکردنەوەی سروشت.

٢- Pooh- Pooh theory: زمان لەلاساییکردنەوەی هاوار و و فیغان و خۆشی مرۆڤەوە دروست بووە. بەواتای هەرکە مرۆڤ هەستی بەتووڕەیی، ئازار، ئێش، یان خۆشی کردووە، ئەم حاڵەتانە ناچاری کردووە، ئەمانە بە زمان دەرببڕێت.

٣- تیۆری یو هیڤ ڕهۆ. ئەم تیۆرە بنەچەی بەقسە هاتنی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی Social Context ئەو کارانەی مرۆڤی بەرایی لەگەڵ یەکتریان کردووە ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکە زۆری بۆ هێناون کە قسە بکەن.

٤- تیۆری دینگ- دۆنگ: مرۆڤ کە شتێکی لە سروشت، لە دەوربەری خۆی بینیوە دەنگێکی لە دەم دەرچووە بۆ ئاماژەکردن بەشتەکە، لەپاشان ئەم دەنگە گەشەی کردووە و بووەتە وشە. بەگوێرەی ئەم تیۆرە کە ئەفلاتوونیش باوەڕی پێ بووە، شتەکان لەسروشتدا بەرانبەر وشەکانن. وشە و شت لەپێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دان.

٥- تیۆری ئاماژەی زارەکی: پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئاماژەی فیزیکی و دەنگەکانی مرۆڤ هەیە. دەوترێت کە ئەو ئاماژە فیزیکیانە لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغێکی تر گەشەیان کردووە تا بوونەتە کەناڵێک لەنێوان مرۆڤەکاندا. لەدوا قۆناغدا مرۆڤ ناچار بووە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن وەک زمان، لێو، لووت... بەکاربێنێ بۆ ئەوەی لەجیاتی ئاماژە قسە بکات.

٦- تیۆری پەرەسەندن: ئەم تیۆرە جەخت لەسەر بنەما و شەنگستی بایۆلۆژی دەکات. باوەڕی وایە هەروەک چۆن خودی مرۆڤ بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە هەتا بووەتە ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ، زمانیش بەهەمان قۆناغ تێپەڕیوە.

ئەمانە هەموویان زیاتر تیۆر و گریمانەن، نەک مەسەلەیەکی زانستی. لەڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ئاکامی ئەم توێژینەوانەدا چەندان تیۆری تر لەسەر بنەمای ڕەگەزپەسەندی پەیدابوون. پرسیارێکی زۆر ناماقووڵ و نازانستییان دەورووژاند ئەویش ئەوە بوو: یەکەم زمان چ زمانێکە. ئادەم بە چ زمانێک قسەی کردووە. خودا بە چ زمانێک قسەی لەگەڵ ئادەم کردووە. هیچ بەڵگەیەکی ئارکیۆلۆژی و فیزیکی لەبەردەستدانین ئەوەی هەیە تەنیا لێکدانەوە و تەئویلی توێژەرانە بۆ مەسەلەکە. جوولەکە دەڵێن: یەکەم زمان عیبری بووە. عەرەبەکان بەوەندە ناوەستن کە بڵێن زمانی ئادەم عەرەبی بووە، بەڵکو دەڵێن زمانی بەهەشتیش عەرەبییە. ئێزدیەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودا بەکوردی قسەی لەگەڵ مەلیک تاووس کردووە. لە زوویەکەوە کۆڕی زانیاری فەڕەنسی هەموو ئەو توێژینەوانەی ڕەت کردەوە کە

بانگەشەی پەیدابوونی زمان و زمانی یەکەم دەکەن.

**ڕامان:** زمانەوانی هەر لە زمان دەدوێ، یان زانستێکی فرە ڕەهەندە؟

**سەلام ناوخۆش:** زمان خۆی دیاردەیەکی مێنتالی - هۆشەکییە. چوارچێوەیەکە لە عەقڵی مرۆڤدا زانیاری لەبارەی فۆنۆلۆژی و سینتاکس و واتاسازی لەخۆ دەگرێ. هەرچی ئاخاوتن و نووسینن، ئەوە تەنیا زمان دەنوێنن. ئەم تێڕوانینە بۆ زمان لە دی سۆسێرەوە سەری هەڵدا. دی سۆسێر بوو وتی: زمان خۆی سیستمە. ئەم سیستمەش ڕێک لەیاری شەترەنج دەچێت. گرنگ نییە تەختەکەی شەترەنج لە زێڕ، یان لە دار دروست کرابێت، گرنگەکە لە جووڵە و بزاوتنی ڕەگەزەکانی یاریەکەیە، هەموو ئەو ڕەگەزانەش شا، وەزیر، قەڵا، ئەسپ. هەموو بەیەکەوە پەیوەستن، ڕەگەزەکانی زمانیش هەروان.

لەم ڕوانگەیەوە، زمانەوانی وەک توێژینەوەیەکی زانستی لەچییەتی زمان دەکۆڵێتەوە، هەروەها شرۆڤەی ئەو زانیارییە نا- هۆشەکییە دەکات کە هەر ئاخێوەرێک لە بارەی زمانەکەیەوە هەیەتی.

لە پەنجاکانەوە، زمانەوانی شۆڕشێکی گەورەی تێدا بەرپاکرا، ئەم شۆڕشە هەر بەردەوامە. نۆوم چۆمسکی لە وەڵامی فۆرمالیست و سترەکچرالیستەکاندا تیۆری پێکهاتەی سینتاکسی لەساڵی ١٩٥٧ بڵاوکردەوە. لە شەستەکانەوە هەر خۆی هەتا ساڵی ١٩٩٥ چەندان گۆڕانکاری لە تیۆرەکانی خۆی کردووە. ئێستا زمانەوانی هەر تەنیا لەخودی زمان ناکۆڵێتەوە. ئەوەی لەزمان دەکۆڵێتەوە هەر تەنیا توێژەرێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو فەیلەسووف و کۆمەڵناس و دەروونناس...تاد. لەزمان دەکۆڵنەوە. هەریەکە لەمانە بوونەتە زانستێکی سەربەخۆ. زۆرێک لە فەیلەسووفان مژۆڵی ئەوەن پێوەندی لەنێوان هزر و زمان بدۆزنەوە. هەندێ باوەڕیان وایە پێوەندییەک لەنێوان هزر و زماندا هەیە، هەندێکی تر ئەو پێوەندییە نابینن، بە تایبەتی لەهەندێ حاڵەتدا نەبێت. دەروونناسەکان خەریکی زمانەوانی دەروونین Psy-cholinguistics. ئەمانە جەخت لەسەر پێوەندی نێوان زمان و عەقڵ دەکەنەوە، وێڕای ئەمانە لە گەشەی زمانی منداڵ دەکۆڵنەوە، هەروەها گرنگی بە ڕاڤە کردنی واتا لە ڕستەدا دەدەن. زمان و کۆمەڵ بووەتە بابەتێکی گرنگی زمانەوانی و کۆمەڵناسی. زمانی خەڵک، زاری، شێوەزاری چەندان حاڵەتی دی کۆمەڵایەتی لەزمانەوانی- کۆمەڵایەتی دیراسە دەکرێن، هەروەها لە زمانەوانی دەماریدا پێوەندی نێوان زمان و مێشک. لەم زانستەدا شوێنی زمان لەمێشک دیار دەکرێ. ئەگەر مێشک دووچاری هەر ترسێک ببێ چەند کاریگەری لەسەر زمان دەبێت؟ بێگومان دیارکردنی شوێنی زمان لەمێشکدا زۆر لەم سەردەمەی ئێستا کۆنترە، بەڵام تەنیا لەم سەردەمەدا بووەتە حەقیقەتێکی زانستی. لە چەندین ڕێگەی ترەوە لەزمان دەکۆڵدرێتەوە وەک پراگماتیکس و شرۆڤەکردنی ئاخاوتن، بۆیە دەکرێ بڵێین: هەرچەندە زمان کرۆکی سەرەکی زمانەوانییە، بەڵام چیەتی زمان و پێوەندییە فرە ڕەهەندییەکانی زمان بە زانستی ترەوە دیار دەکات.

**هەر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە گوێرەی هەموو دامودەزگاکانی عوسمانییەوە کەرکووک شارێکی کوردییە**

**ڕامان:** لەڕەهەندی کۆمەڵایەتی زماندا، دیاردەی زمانی ستاندەر و ناستاندەر، زار و شێوەزار بەشێکی ئەم بوارە داگیر دەکات، بۆچی لەم ڕوانگەیەوە لەڕووی زانستییەوە مەسەلەی زمانی ستاندەر ناوروووژێنرێت؟

**سەلام ناوخۆش:** لەنێو ئێمەدا تەنیا چەند توێژینەوەیەک لەم بوارە کراون. ئەگەرنا هەتا لە قۆناغی زانکۆشدا ئەوەندە گرنگی بەو ڕەهەندەی زمان نادرێت. مەسەلەی زمان و زارەکانیش جگە لە دووبارەکردنەوەی هەندێ بیروڕای حەفتاکان، هیچی تر نین. زمانی کوردی بەزارەکانییەوە یەکێ لە زمانە زیندووەکانی نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵکو دەکرێ لەگەڵ زۆر زمانی دی جیهانی وەک ئینگلیزی بەراورد بکرێ. ئەو بەراوردکردنانە ئێستا دەکرێ ڕۆژئاواییەکان لەسەدەی هەژدە و نۆزدە ئەنجامیان داون، ئەمەش زیاتر بریتییە لە فیلۆلۆژی بەراورد- Comparative Philology.

ئەگەر بە وردی لە زارەکانی کوردی بکۆڵدرێتەوە چەندان دیاردەی زمانەوانی هەن کە لە ئینگلیزیدا نییە. هەر بۆ نموونە، لە کرمانجی سەروودا، زاراوەکانی خزمایەتی Kinship Terms زۆر وردترن لە دیارکردنی پلەی خزمایەتی نەک لە ئینگلیزی، بەڵکو هەتا لە فەرەنسیشدا. لەم زارەدا بۆ هەر پلەیەکی خزمایەتی زاراوەیەک هەیە، کەچی لە ئینگلیزیدا ئاوا نییە:

– مەت: خوشکی باوک
– خاڵەت: خوشکی دایک    aunt

پسمام: کوڕی مام
دۆتمام: کچی مام    Cousin

مام: برای باوک
خاڵ: برای دایک    uncle

عەرەب لە ڕێگای قورئانەوە توانی زمانی ستاندەری خۆی بپارێزێ ئینگلیز لەڕێگای شارستانی و دەسەڵاتەوە، فارسەکانیش لەڕێگای مەزهەب و شارستانی جودا لە شارستانی «عەرەبی». ئێمە لەوانە هیچمان نییە و بە جددی ئیشیشی بۆ ناکەین.

**ڕامان:** دەکرێ دوو دایەلێکتی سەرەکی کرمانجی ناوەڕاست و سەروو بکەین بەیەک، زمانێکی ستاندەری لێ دروست بکەین؟

**سەلام ناوخۆش:** ساڵی ١٩٩٦ کە لە ئادابی زانکۆی دهۆک بوومە مامۆستا، سەیرم کرد زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایەکانی ئەم کۆلێژە «سۆرانی»ن. قوتابییەکانیش بادینی. ئەوسا لەڕۆژنامەی «پەیمان» وتارێکم لەسەر «سۆرمانجی» نووسی. وتم با بە سۆرمانجی بدوێین. ئەو شێوە قسەکردنە بەقازانجی ئێمە و قوتابییەکان بوو. ئێمە بەزۆری خۆمان دەبوارد لەمەسەلەی گێندەرەوە- سێکس لەزماندا- لەمەدا برایانی بەڕێزم (د. فوئاد ڕەشید، د. ئازاد عەبدولواحید کەریم، د. عەبدوڵڵا بابان) ڕۆڵێکی باشیان لە دروست کردنی ئەم کەناڵەدا هەبوو. ئەوان مامۆستای بەشی کوردی بوون، منیش کە وێڕای وانەی ڕۆمان و دراما و ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانیشم دەوتەوە، ناچار بووم لە وانەی وەرگێڕاندا بەکوردی قسە بکەم. سەیرم کرد ئەم سۆرمانجییەتە تەنیا لە قسەکردن و وشەسازی چارەسەری لەیەک گەیشتن دەکات لە ڕستەسازیدا سەرناگرێ، چونکە نەک هەر لە کرمانجی سەروودا گێندەر هەیە، بەڵکو شوێنی ڕاناوەکانیان لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستدا جودان. ئەمڕۆ چەندان کێشەی تری ڕێزمانی هەن کە ناکرێ بە هەردووکیان زمانێکی ستاندەر دروست بکەن.

**ڕامان:** بەڕای ئێوە ناکرێ لە باشووری کوردستان، ئاریشەی زمانی ستاندەر چارەسەر بکەین؟

**سەلام ناوخۆش:** ئێمە لەبەر ئەوەی گەلێکی چەوساوە و ژێردەستەین و زمانی خۆمان زۆر خۆش دەوێ. زمان بە هۆکارێکی سەرەکی نەتەوە دادەنێین، ئەگەرنا مەرج نییە زمانی نەتەوەیی زمانی فەرمی و ستاندەری حکوومەت و پەرلەمان و دامودەزگاکان بێت. لە زۆر لە وڵاتانی دنیا زمانی ئینگلیزی، یان فەڕەنسی زمانی فەرمی دامودەزگاکانە. زەمەنێکی زۆریش زمانی ڕووسی لەیەکێتی سۆڤیەت زمانی فەرمی وڵات بوو.

لە باشووری کوردستاندا هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە کرمانجی ناوەڕاست هەژموونی بەسەر زارەکەی تردا پەیدا کردووە و بەجۆرێ هەتا حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقیش هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە ئەو زارەی کوردی بەزمانی خوێندن و نووسین داناوە. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا کرمانجی ناوەڕاستی زمانی فەرمی دامودەزگا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بووە. هەتا شێوە ئاخاوتنەکەی (مەلا مستەفای بارزانی)یش بە پەیڤ و دەستەواژەکانی کرمانجی ناوەڕاست بووە. هەرچی کرمانجی سەرووە، کە لە باشوور بە بادینی بەناوبانگە بە هیچ جۆرێ لەو بوارانەدا هاوشانی کرمانجی ناوەڕاست نەبووە.

لەلایەکی ترەوە هەتا ئەستەمبۆڵ بنکەی چالاکی ڕۆشنبیری کوردی بووە، کرمانجی سەروو نەک هەر زمانی نووسین بووە، بەڵکو یەکەم ڕۆژنامەی کوردیش- کوردستان ١٨٩٨ زۆربەی بەو زارە نووسراوە. هەرچی یەکەم چیرۆکی کوردیشە چ مەم و زینەکەی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) (١٧٩٩- ١٨٦٧) بێت، یان ئەوەی فوئادی تەمۆ- گۆڤاری کورد- ١٩١٣ بێت هەر بەو زارە بووە. وێڕای ئەمەش یەکەم تازە کەرەوەی شیعری کوردیش (عەبدولڕەحیمی ڕەحمی) هەکاری (١٨٩٠- ١٩٥٨) لەپێش (گۆران)ی شاعیر بەو زارە شیعری نوێی لە گۆڤاری (ژین) بلاوکردووەتەوە، بەڵام هەرکە کەمالییەکان حکوومەتی ئەستەمبۆلیان ڕووخاند و پایتەختیان گواستەوە بۆ ئەنقەرە، هیچ بوار بۆ ڕۆشنبیرانی کورد نەمایەوە پەرە بەزمانەکەیان بدەن، بەڵکو لەمەشدا خراپتر لەژێر کاریگەری عەقڵی ڕۆژئاوایی کەمالییەکان وازیان لە ڕێنووسی عەرەبی- کوردی هێنا و ڕوویان کردە ڕێنووسی لاتینی بەمەش گورزێکی کوشندەیان لەو زارە و لە ئەدەب و کولتووری ئەو زارە دا.

ئەوەی ئێستا لە باشوور هەیە زیاتر لەسەر شێوەزاری سلێمانی دارێژراوە و بەشێکی زۆری شێوەزاری هەولێر و

کەرکووک فەرامۆش کراوە، هەرچی زاری بادینییە هەر گرنگی پێنەدراوە، جا بۆ ئەوەی زمانێکی ستاندەرمان هەبێ دەبێ سوود لە هەموو زارەکان لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ببینرێت بۆ ئەوەی هەر تاکێکی ئەو شارانە خۆی لە زمانەکەدا بدۆزێتەوە. مەسەلەی ئەو هەموو زار و شێوە زارەی باشوور حەساسیەت و مۆرکێکی ناوچەگەری وەرگرتووە. خودی مەسەلەکە دەکرێ بە خۆ هێشتنی چارەسەر بکرێ. ئینتیمای خەڵکیش بۆ زمانەکە هۆکارێکی هاریکار دەبێ بۆ خۆ سەپاندنی زمانەکە. ئەمە جارێ ناکرێ، چونکە ئێمە هێشتا هەر بە عەقڵی قۆناغی دەرەبەگی بیردەکەینەوە و جارێ هزرمان ڕزگاری نەبووە لە قەڵەمڕەوی گوندەکە و شارەکەی خۆمان.

چارەسەری و سەپاندنی زمانی ستاندەرد بەسەر تاک و کۆمەڵدا، ئەمەش بە چەند ڕێگایەک دەبێ:

- دەسەڵاتی سیاسی: پەرلەمان وحکوومەت بە بڕیارێکی سیاسی دەتوانێ زارێک لە زارەکان هەڵبژێرێ و بیکات بەزمانی فەرمی خوێندن و دامودەزگاکان.
- کۆڕی زانیاری.
- دەقێکی زیندوو، دەقێکی ئایینی، دەقێکی مێژوویی.
- زمانی شاکاری نووسەرێک، زمانی سەرکردەیەک.

دروست بوونی زمانی ستاندەر واتای ڕەتکردنەوەی دایەلێکتەکان ناگەیەنێ، دەکرێ بە دایەلێکتەکان نەک هەر قسەی ڕۆژانەیان پێ بکرێ، بەڵکو دەقی ئەدەبیشیان پێ بنووسرێ.

**ڕامان:** هەبوونی ئەم هەموو دایەلێکتە دیاردەیەکی ساغڵەم و تەندروستە، ئەو هۆکارانەی دایەلێکت دروست دەکەن چین، لە هەموو زمانێکدا وەک یەکن؟

**سەلام ناوخۆش:** زۆربەی هەرە زۆری زمانە جیهانییەکان وەک ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، چەندان دایەلێکتیان هەیە و هەبووە، دایەلێکت نەبۆتە کێشە، چونکە ئەو زار و شێوەزارانە بە زۆری تەنیا لە ئاخاوتندا بەکاردێن. ئەمانە زیاتر لەبوار سۆسیۆلۆژی زمان، یان زمان و کۆمەڵگە بەکاردێن. لە زۆر شوێن قسە پێکەرانی دایەلێکتەکان لەیەک ناگەن، بەڵام لەنووسیندا، یان لەناو دامودەزگاکاندا بەهیچ جۆرێ ئەو کێشانەیان نییە. قسە پێکەرانی ئینگلیزی لە ئینگلستاندا، وێڵز و سکۆتلەندا و ئێرلەندا لەلایەک، ئەمریکا و ئوسترالیا لەلایەکی تر لە قسەکردن دووچاری زۆر کێشە دەبن، بەڵام لە نووسیندا ئەو کێشەیەیان نییە. عەرەبەکانیش هەروا، بەڵام لەنووسیندا بێ کێشەن.

هۆکارەکانی دروست کردنی دایەلێکت لەزماندا زۆرن، بەڵام هۆکاری جوگرافی، سیاسی، ئابووری لەهۆکارە سەرەکییەکانن. ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروست بوونی دایەلێکت لەکوردی لەگەڵ عەرەب و ئینگلیز، بۆ نموونە، وەک یەک نین. لەلای ئێمە زۆربەی هۆکارەکان هێشتا ماون، بەڵام لە ئینگلیزیدا نەماوە، بەڵام ئەوان هەر قسە بە دایەلێکتی خۆیان دەکەن، هیچ کێشەشیان نییە.

**ڕامان:** لەناو کورددا فەرهەنگی عەرەبی- کوردی، فارسی-کوردی، کوردی- کوردی هەتا ڕووسی- کوردی لەمێژە هەن، بەڵام فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی مێژوویەکی کۆنی نییە. ئەمە بۆ چ هۆکارێک دەگەڕێنیتەوە؟

**سەلام ناوخۆش:** ئەوەی فەرهەنگ دەنووسێ دەبێ هەردوو زمانەکە چاک بزانێت، هەروەها باکگراوەندێکی باشیشی لەبارەی زمانی لادێی- گوندیاتی هەبێ، چونکە زمانی ڕەسەن، زمانی بێ خەوش و پیس نەبوو، زیاتر لە گوند هەیە. زمانێکی وەک ئینگلیزیش هەرچەندە لەعیراق و کوردستان هەر لە پێنجی سەرەتاییەوە لەقۆتابخانە دەخوێنرێ، بەڵام نەبووەتە بەشێک لە ژیانی کولتووری تاک و کۆمەڵی کوردی. لەم ڕوانگەیەوە، فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی، کوردی-ئینگلیزی پێویستی بەوە هەیە فەرهەنگنووس، یان لەوڵاتێکی ئینگلیز زمان ژیابێ و خوێندبێ، یان ئەو زمانەی لە زانکۆی وڵاتەکەی خۆی خوێندبێ. لەزانکۆی سەلاحەدین، ساڵی (١٩٨٥) بەشی ئینگلیزی لە ئادابی هەولێر کرایەوە. ئەوسا هەر تەنیا (د. عەبدوڵڵا دەباغ) دکتۆرای لەزمانی ئینگلیزی هەبوو، ئەگەرنا دوو سێ مامۆستاکەی تر تەنیا ماستەریان هەبوو. ئەوانە شارەزاییەکی باشیان لەزمانی ئینگلیزیدا هەبوو، بەڵام کەسیان کاری وەرگێڕانیان نەدەکرد. ئەوسا ئەوەی نووسینێک، یان کتێبێکی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕابێ، تەنیا چەند کەسێک بوون وەک: (عەزیز گەردی، حاجی ئەحمەد، عەلی عوسمان یەعقووب، شێرزاد حەسەن) بوون. ئەوانە هەر تەنیا مامۆستا نەبوون، بەڵکو ئینگلیزیزان و کوردیزانێکی باش بوون، بەڵام کەسیان خۆیان لەقەرەی فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی نەدا. نازانم بۆ؟ باوەڕم وایە (عەزیز گەردی) دەیتوانی فەرهەنگێکی ئینگلیزی-

کـــوردی باش دابنێ، بەڵام نەیکرد زیاتر خــــۆی بە وەرگێڕانەوە خەریک کرد.

خۆم هەرکە لە ساڵی (١٩٨٥) لە بەشی ئینگلیزی وەرگیرام، بیرم لەوە کردەوە، چونکە هەر دەقێکم لە ئینگلیزی وەربگێڕایە دەبوایە سەیری فەرهەنگی ئینگلیزی- ئینگلیزی، یان ئینگلیزی- عەرەبی بکەم. ئەمەش بەڕاستی کارێکی گران بوو، چونکە ئیشەکە دەبووە چەند سەرە. ڕەوشەکە هەروا مایەوە هەتا بەدەیان وتار و سێ کتێبم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕا هەر هیچ فەرهەنگێکی ئینگلیزی- کوردی، کوردی- ئینگلیزی لەباشوور وەک کتێب و بەشێوەی کرمانجی ناوەڕاست نەبوو. ساڵی (٢٠٠١) یەکەم فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردیم داناو ساڵی (٢٠٠٢) بڵاوکرایەوە. لەم پێنج ساڵەدا نزیکەی هەشتا هەزار دانە لەم فەرهەنگەی من چاپ کراوە. لەدوای من چەندان فەرهەنگی تر دەرچوون، وەک فەرهەنگی گیرفانی جاف، فەرهەنگی یاد، فەرهەنگی ئازادی..تاد.

**ڕامان:** هەرکەسەی فەرهەنگێک ئامادە بکات، یان بنووسێ، دەکرێ پێی بگوترێ «فەرهەنگنووس»؟

**سەلام ناوخۆش:** (هەژاری موکریانی) هەموو کوردستان گەڕا، زۆربەی شێوەزارەکان فێربوو، ئەوجا توانی (هەنبانە بۆرینە) بنووسێ. (مام گیوی موکریانی) لەناو چاپ و ڕاگەیاندن و نووسین و دەربەدەری هەموو ژیانی خۆی بەسەر برد، ئەوجا توانی (فەرهەنگی مهاباد) و (نۆبەرە) و (کوردستان) بنووسێ. (شێخ محەمەدی خاڵ)ی بەهەشتی بەشێکی زۆری لە ژیانی خۆی تەرخان کرد، ئەوسا توانی لە سێ بەرگدا (فەرهەنگی خاڵ) بنووسێ. ئەوانە لە خەڵکەوە فێری زمان بوون، نەک لە زانکۆوە. ژیان و ئەزموونی خۆیان باشترین زانکۆ بوو بۆیان، بۆیە توانیان بەردی بناغەی فەرهەنگ نووسین دابنێن. هەرچی فەرهەنگی دوو- زمانییە Bilingual هەوڵدانی زیاتری دەوێ، وێڕای ئەمەش ئەگەر زمانی دووەم- زمانێکی ناو خەڵک نەبوو، زمانی کتێب بوو، کارەکە قورستر دەبێ. بە واتای دانانی فەرهەنگی عەرەبی- کوردی زۆر ئاسانترە لە دانانی فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی، هەروەها فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردی ئاسانترە لە دانانی فەرهەنگی فەرەنسی- کوردی.

هەرچەندە خۆم پاش زیاتر لە پازدە ساڵ لەنووسین و خوێندن بەزمانی ئینگلیزی و کوردی ئەوسا بوێری ئەوەم کرد فەرهەنگێکی ئینگلیزی- کوردی، یەکێکی تر کوردی- ئینگلیزی دابنێم، بەڵام خۆم بەقوتابییەکی بچووکی (هەژار موکریانی و گیو موکریانی و شێخ محەمەدی خاڵ) دادەنێم.

**ڕامان:** لەنووسینێکدا نووسیوتە ئەلف بای فەرهەنگ ئەلف بای زمان نییە، مەبەستت لەمە چییە؟

**سەلام ناوخۆش:** ئەلف بای زمان هەموو ئەو پیتانە دەگرێتەوە کە لەزمانەکەدا هەن و بەو پیتانە وشەی کوردی پێ دروست دەکرێن. هەر پیتەک لەو پیتانە بەشدارە لە ڕۆنانی وشەی کوردیدا. جا لەوانەیە پیتەکە لەسەرەتا، ناوەڕاست، یان کۆتایی وشەکە بێت، هەرچی ئەلف بای فەرهەنگییە تەنیا ئەو پیتانە دەگرێتەوە کە لەسەرەتای وشە دێن، نەک ناوەڕاست و کۆتایی. فەرهەنگ خۆی لەسەر بنیادی ئەبجەدی دادەڕێژرێت جا ئەو پیتانەی شیانی ئەوەیان نییە لەسەرەتای وشەی کوردی بێن، بە بەشێک لە ئەلف بای فەرهەنگی دانانرێن. لەم ڕووەوە لەڕووی ژمارەوە هەردەم پیتەکانی ئەلف بای زمان لە پیتەکانی ئەلف بای فەرهەنگی زیاترن. هەر بۆ نموونە ئەم پیتانەی خوارەوە بە بەشێک لە ئەلف بای فەرهەنگ دانانرێن، چونکە ناتوانن لە سەرەتای وشەی کوردی بێن.

- (ر)ی لاواز
(ڵ)ی قەڵەو

**ڕامان:** چۆن لە چەمکی وەرگێڕان تێدەگەی؟

**سەلام ناوخۆش:** هەندێ توێژەر باوەڕیان وایە وەرگێڕان پرۆسەیەکە و بریتییە لە گواستنەوەی transference واتا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. ئێتریش باوەڕیان وایە وەرگێڕان خۆی لەخۆیدا بەرانبەر هێنانە equivalence لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی تر. ئەوەندەی لە چەمکەکە بگەم، دەقەکە بڕیار دەدات وەرگێڕان چییە. زمانی دەقەکە و بابەتی دەقەکە زۆر گرنگن. وەرگێڕ ئەو دەقەی لە زمانی لێوەرگێڕدراو Source language بۆ زمانی خۆی target language وەردەگێڕێ هەر تەنیا واتای دەقەکە وەرناگێڕێ، بەڵکو هەرچی لە دەقەکەدایە وەردەگێڕێ. بە شێوازێکی تر، هەرچی پەیوەست بە دەقە لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە وەریدەگرێ و بەزمانی خۆی دایدەڕێژێتەوە.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێی وەرگێڕ دەبێ نووسەریش بێت؟

**سەلام ناوخۆش:** باوەڕ ناکەم ئەوەی نووسەر نەبێ، بتوانێ هیچ دەقێک بە دروستی وەربگێڕێ. خودی

پرۆسەی وەرگێڕان دووبارە نووسینەوە و داڕشتنەوەی دەقەکەیە، جا ئەگەر وەرگێڕ تەواو شارەزای نهێنییەکانی زمانەکەی خۆی نەبێت، شیانی ئەوەی نابێت ئەو دەقە بەخوێنەرانی زمانی خۆی بناسێنێ.

**ڕامان:** هەندێ وەرگێڕ دەستەواژەی «وەرگێڕان بەدەسکارییەوە» بەکاردێنن، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وەرگێڕ لەڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە دەرەقەتی دەقەکە نایەت؟

**سەلام ناوخۆش:** ئەو وەرگێڕەی زمانێکی پاراو و باکگراوەندێکی هزری و ڕۆشنبیری هەبێت، دەقێک وەرناگێڕێ، کە دەرەقەتی نەیەت. ئەو وەرگێڕەی دەنووسێ بەدەسکارییەوە دەقەکە ناچاری دەکات. لەلایەکی تریش، دەقنووس ئەو مافە بە وەرگێڕ نادات دەقەکەی بشێوێنێ، ئەمە لەڕاستیدا، لە زۆر حاڵەتدا، دەق شێواندنە، چونکە وەرگێڕ دەبێ شێواز و ئیستێتیکای دەقەکە بپارێزێت. دەسکاری کردنی دەق خۆی لەخۆیدا دەبێتە جۆرێکیش لەدەق نووسین، ئەمەش پرۆسەکە لێڵ دەکات و دەقی نووسەر لەگەڵ «دەقی» وەرگێڕ تێکەڵ دەبێ.

**ڕامان:** باوەڕت بەوە هەیە کە وەرگێڕ دەبێت پسپۆڕ بێت، دەرچووی زانکۆ بێت، یان پرۆسەکە زیاتر بەهرەمەندی و ئەزموونییە؟

**سەلام ناوخۆش:** وەرگێڕی ئەکادیمی نەک وەرگێڕی وەزیفەکاری، پێویستییەکی ناچارییە، چونکە لەڕێگای کەسانی پسپۆڕەوە دەکرێ زیاتر بەشارستانی و کولتوور و دنیای دەرەوەی خۆمان شارەزا بین، بەڵام ئەم بزاڤە لە ناو ئێمەی کورد دا زۆر دەگمەنە و هەتاکو ئێستاش وەرگێڕێکی کارامە لەم بوارەدا نییە، ئەوەی هەشە تازە لەهەنگاوی بەرایین. ئەوەی لە زانکۆ دەردەچێ زیاتر دەبێتە وەرگێڕێکی وەزیفەکاری، بەواتای هەروەک چۆن دەرچووی ماتماتیک و فیزیک تەنیا دەبنە مامۆستا، هیچ داهێنانێک لەم دوو بوارەدا ناکەن. ئەوانیش هەروا. لەمەدا دەفامرێتەوە زانکۆ وەرگێڕی پێ دروست ناکرێ. ئەوانەی وەرگێڕی ناسراون لەناو بزاڤی وەرگێڕاندا هیچ کامێکیان دەرچووی بەشی وەرگێڕان نین هەتا هەندێکیان دەرچووی زانکۆش نین.

ئاوارەیی و دەربەدەری (هەژار موکریانی) کردە ئەو وەرگێڕەی شیانی ئەوەی هەبێ قورئانی پیرۆز وەریگێڕێ و شەرەفنامە لەفارسییەوە وەریگێڕێ. (شوکر مستەفا و عەبدوڵڵا حەسەن زادە) لەزانکۆ فێری وەرگێڕان نەبوون، بەڵکو بەهرەمەندی و ئەزموونی ژیانی تایبەت فێری کردن.

**ڕامان:** ئایا شیعر وەردەگێڕدرێت، یان هەموو وەرگێڕێک شیانی ئەوەی هەیە شیعر وەریگێڕێ؟

**سەلام ناوخۆش:** زمانی شیعر، زمانێکی شیعرییە. لە شیعرێکدا وا ڕێک دەکەوێ شاعیر چەندان وێنەی شیعری لەپەیڤەکانیدا بخوڵقێنێ، پەیڤەکانی شیعر ئاسایی نین. ئیستێتیکای شیعرەکە لە زمانەکە، دەربڕینەکە خۆی دەنوێنێ. شاعیر وا هەست دەکات زمانەکەی ڕۆحی پەیڤەکانیەتی.

وێڕای ئەمەش، شیعر شێوازی خۆی هەیە. شێواز هەر ئەوە ناگەیەنێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کۆپلە شیعر دروست بکەی، چونکە خودی شیعر شوێنکاتی دیار نییە، بەڵکو خۆی ژانێکە هەرکە هات لەدایک دەبێت نەک بەکرداری قەیسەری دەربازی بکەی. جا ئەگەر ئەمە بەشێک بێ لە ڕامانی شیعر، وەرگێڕ ئەگەر خۆی شاعیر نەبێ چۆن دەتوانێ ئەو هەموو هەست و سۆز و وێنەیە جارێکی تر بەزمانی خۆی وێنا بکاتەوە. ستەم لە شیعر دەکرێ، ئەگەر هەرکەسێ دوو زمان بزانێ بەبێ ئەو باکگراوەندە شیعرییە، شیعر وەربگێڕدرێ. بێگومان هەر لە ڕێگای وەرگێڕانەوە ئێمە لە شیعری گەلانی دنیا دەگەین. بەواتای دەبێت شیعر وەربگێڕدرێ هەتا لە دەقی شیعری گەلانی دی بگەین، بەڵام بۆ ئەوەی شیعر، شیعرییەتی خۆی لەدەست نەدات، دەبێ شاعیرێکی وەرگێڕ شیعرەکە وەربگێڕێ.

**ڕامان:** خۆت هیچ شیعرێکت وەرگێڕاوە؟

**سەلام ناوخۆش:** سێ کتێبم بەناوی «قورئان و زانستی نوێ» و «کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی مووسڵ» و «کوردەکان و کوردستان» لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە. بەدەیان وتاریشم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، بەڵام تەنیا یەک شیعرم لەفەڕەنسی وەرگێڕاوە. لەدەسپێکدا، منیش شیعرم دەنووسی، هەندێ لەشیعرەکانیشم لەهەشتاکاندا بڵاوکردەوە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە هیچ شیعرێکم بڵاونەکردووەتەوە. ئەو شیعرەشم کاتی خۆی هەر لەسەر ئەو بنەمایە وەرگێڕا کە شاعیرم، بەڵام ئێستا بەهیچ جۆرێ بەخۆم ناڵێم شاعیر، بۆیە بەهیچ جۆرێ ئامادەنیم هیچ دەقێکی شیعری وەربگێڕم، چونکە ئەوەی شاعیر نەبێ لە ڕۆحی شیعر و دنیای شیعر ناگات.

**ڕامان:** لەناو وەرگێڕە کوردەکان، وەرگێڕانی کام وەرگێڕت زیاتر لەلا پەسەندە؟

**سەلام ناوخۆش:** وەرگێرانی «داغستانی من» بەجۆرێکە بەهیچ جۆرێ ئەو هەستەت لەلا دروست نابێت کە ئەمە وەرگێران بێ، بەڵکو (د. عەزیز گەردی) دەقەکەی وا دارێژتووەتەوە کە تەواو لەدەقێکی کوردی بچێ. عەبدوڵڵا حەسەن زادە «گێلە پیاو» و «حەمەدۆک»ی وا وەرگێراوە وەک بڵێی نەک هەر کوردییە، بەڵکو لەرووی کولتوورەوەش کوردییە، وەرگێرانەکانی هەژار موکریانی هەتا راڤەکردنی دیوانی (مەلای جزیری)، ئەو راستییە خۆیا دەکات کە بەراستی (مام هەژار موکریانی) کوردیزانێک و فارسیزانێک و عەرەبیزانێکی هەمە لایەنە بوو.

**رامان:** رەخنە و رۆمان لەناو ئێمەدا مێژوویەکی کۆنیان نییە، ئەوەی هەیە هەمان ئەدگار و خەسڵەتی رەخنە و رۆمانی ئینگلیزی هەیە؟

**سەلام ناوخۆش:** لە هەشتاکاندا کە دەستم بەوەرگێران کرد بە رەخنەی ئەدەبی دەستم پێکرد. لەناو هەر ئەدەبێکدا رەخنەی جددی، رەخنەی جوێن ئامێز هەیە. زۆر لە رەخنەگرانی ئێمە رەخنە بەشکاندنی دەق تێگەیشتوون. وێرای بێزەوەرکردنی دەق لەلای خوێنەرەوە زۆرجار پرووشکی (رەخنە) کە کەسێتی دەقنووسیش دەگرێتەوە.

لەئەدەبی ئینگلیزیدا رەخنە وەک خوێندنەوەیەک بۆ دەق دروست بوو نەک شکاندنی دەق و هەڵوەشاندنەوەی بنیادەکەی. هەر لەسەدەی شازدەوە رەخنە لەدەقەوە سەری هەڵدا، دەق هەم دەق بوو هەم میتۆدێکی نوێتر بوو لە دەقی پێش خۆی. لەبواری شیعردا دەقی کلاسیکی و دەقی کلاسیکی نوێ و دەقی رۆمانسی لەبنەما و شەنگستەکان رەخنەیان لەیەک دەگرت. قۆناغی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگ بوو لە پووکانەوەی جۆرە دەقێک و گەشەسەندنی دەقێکی تر. سەردەمی رینیسانس سەردەمی کلاسیکی نوێ بوو، بەڵام لەسەدەی هەژدەیەمدا کۆلریج و وۆردس وۆرس بنەماکانی شیعری رۆمانسی ئینگلیزیان دارشت. هەرچەندە ویلیەم بلەیەک بەدەقەکانی پێش کۆلریج و وۆردس وۆرس خۆی لەزمان و بنەماکانی شیعری کلاسیکی نوێ رزگار کرد. کێشە کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دنیای پیشەسازی و شەری جیهانی شاعیرانی ناچارکرد پشت لەزاتی خۆیان بکەن و دروست بوونی دادایيزم، بوونایەتی، بێهوودەیی، نەک هەر رەخنە بوو لەدەق، بەڵکو رەخنەش بوو لە ژیانی سیاسی وڵات و بزربوونی تاک لەکۆمەڵگەدا.

رۆمانی ئینگلیزیش، رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروستی کرد. یەکەم رۆمانی «رۆبنسن کرۆزۆ»ی دانیال دیفۆ زۆربەی رەگەزەکانی رۆمانی تێدایە. ئەو رۆمانە بووە سەرەتایەک بۆ ژانرێکی نوێی ئەدەبی.

لە ئەدەبی کوردی لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو رۆمانەش هێشتا هەندێ رەخنەگر گومان لە هەبوونی رۆمان دەکەن. بێگومان رۆمانی کوردی قۆناغی (مەسەلەی ویژدان) و (لە خەوما)ی بریوە. هەندێ لە رۆماننووسەکانمان لەرێگای ئەزموونی گەلانەوە وەک: (شێرزاد حەسەن) و (عەبدوڵڵا سەراج) زۆر تەکنیکی نوێی رۆمان لەرۆمانەکانیاندا بەکاردێنن.

گومانی تێدا نییە کە (رەخنە) و (رۆمان) وەک (میتۆد) و (ژانری ئەدەبی) رۆژئاوایین. کورد لە رێگای وەرگێرانەوە پەی پێ بردوون.

**رامان:** بۆچی دەقی کوردی لە شیعر، رۆمان نەیتوانیوە سنووری کوردستان ببرێ و بچێتە پێشبرکێی دەقەکانی دی وڵاتان؟

**سەلام ناوخۆش:** ئەمە بۆ لاوازی دەقی کوردی ناگەرێتەوە وەک هەندێ وا زەن دەبەن، مەسەلەکە لەلایەک پەیوەستە بەزمانی دەقەکانەوە. هەموو بەکوردی نووسراون. کوردیش زمانێکی ناوخۆی تەنیا هەرێمێکی دەوڵەتێکە، هەروەها وەرگێری بەتوانامان زۆرکەمن ئەو دەقە باشانەی کوردی بۆ ئینگلیزی، یان فەرەنسی وەربگێرن، ئەگەرنا زۆر دەقی کوردی هەیە لەگەڵ دەقێکی ئینگلیزی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ئەگەر ئەمەش هەبێ، هۆکاری سیاسیش رێگرێکی ترە.